وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
کۆلێژی پەروەردە
وەرزی دووەم

لێژنەی تاقیکردنەوەکان
2026-2025

ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە بۆ قوتابیان

قوتابی خۆشەویست: تکایە ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکە.

1. **تاقیکردنەوەکان** لە کاتژمێر (9)ی بەیانی دەست پێدەکات، پێویستە (10) خولەك پێش دەست پێکردنی تاقیکردنەوە ئامادەبێت.
2. پێویستە قوتابی ناسنامەی زانکۆی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، بەبێ ناسنامە هیچ قوتابیەك ناکرێتە ژوورەوە، هەر قوتابیەك لەوبواڕە گرفتی هەیە پێش وەختە پێویستە لە تۆمار چارەسەری گرفتەکە بکات.
3. پێویستە قوتابی گشت پێداویستیەکانی تاقیکردنەوە لەگەڵ خۆی بهێنێت وەك: پێنوسی جافی شین یان ڕەش + پێنوسی دار ڕەصاص + تیژکەر یان نوک + ڕەشکەرەوە (مساحە) + ڕاستە + بژمێر...هتد.
4. هێنانە ژوورەوەی مۆبایل وجانتا و هەر ئامێرێکی زیرەك و پەڕاوی پەیوەندار بە بابەت بۆ ناو هۆڵی تاقیکرنەوە قەدەغەیە و گرتنی لە لایەن چاودێری هۆڵ ئەوا بە گزی (قۆپیە - غش) هەژمار دە کرێت.
5. پێویستە قوتابی لەو شوێنە دابنیشێت کە بۆی دیاریکراوە.
6. قوتابی هەموو ئەو زانیارییانە دەنوسێت کە لەسەر پەڕاوەکە هەن جگە لە هۆبە وەك: ناوی کۆلێژ، ناوی بەش، ناوی قوتابی - بە زمانی کوردی یان عەرەبی - وەکو ناسنامە، پۆل (قۆناغ)، زنجیرەی قوتابی (کۆد)، ناوی بابەت (هەروەک لەو وێنەی خوارەوە هاتووە لە شوێنی تایبەت لە سەر پەڕاوی تاقیکردنەوەکە) بە بەکارهێنانی پێنووسی (جافی شین یان ڕەش). وە ئاگادار بێت لە دواوە ی پەڕەکە دیارنەبێت.

7. پێویستە قوتابی ناوی خۆی لەسەر پرسیارەکان بەقەڵەم جاف بنووسێت و بەهیچ شێوەیەك وەڵام نانوسرێت.
8. وەڵامی پرسیارەکان **لەناو پەڕاوی تاقیکرنەوە** تەنها و تەنها بە (**قەڵەم دار - ڕەصاص**) دەبێت.
9. **پێویستە** قوتابی پابەند بێت بە هەر ڕێنماییەك کە سەرپەرشتیاری هۆڵ ئاڕاستەی دەکات.
10. پرسیارەکان ڕادەستی چاودێردەکرێت لەگەڵ **پەڕاوەکەی**، قوتابی دەتوانی لە لێژنەی تاقیکردنەوەکان وەریگرێتەوە.
11. **ڕێگەنادرێت** قوتابی بەر لە (30) خولەك لە دە ستپێکردن بە تاقیکردنەوە هۆڵی تاقیکردنەوە جێبهێڵێت.
12. **نوسین و دانانی نیشانە و ڕەمز لەناوەوە و دەرەوەی پەڕاو قەدەغەیە** و بە گزی هەژماردەکرێت.
13. **قسەکردن** و **ئاخاوتنی** قوتابیان لەگەڵ یەکتری لە ناو هۆڵی تاقیکردنەوە قەد ەغەیە و بە گزی هەژماردەکرێت.
14. **لەکاتی سەلماندنی** گزی، قوتابی بە **دەرنەچوو** هەژماردەکرێت لە **هەموو بابەتەکانی ئەم ساڵەدا**. **گەر** قوتابیەکە ساڵی دووەمی بێت **کۆتایی** بە خوێندنەکەی دەهێنرێت و بە هیچ جۆرێک ناگەڕێتەوە.

لێژنەی تاقیکردنەوەکان